## لاجیتێک گروپ بۆ کۆڕ و سیمینارەکان

لاجیتێک گروپ دەکرێت لە ریزی باشترین ئامێرەکانی تایبەت بە ڤیدیۆ کۆنفرانس دابندرێ، وەك وانە وتنەوە لە رێگای دوورەوە، یا گوێگرتن لە سیمینارە و کۆڕەکان لە رێگای دوور..

لاجیتێک گروپ Logitech Group کە خۆی پێك دێت لە چەندین ئامێر کە پێکەوە کار دەکەن وەك: کامێرایەکی کوالیتی بەرز بە کێشی ٥٨٥ گرام و وێنەگرتن بە فول ئیچ دی و توانای سووڕان بە هەموولایەکدا، زومی ٥ بەرابەر. سپیکەرفۆن بە کێشی ١٢٢٣ گرام. ریمۆتێك لە رێگای دوورەوە. سپیکەر قۆن رۆڵی سەرەکی بۆ پەیوەندییەکان دەگێڕێ، ئەم ئامێرە جگە لە سپیکەر خاوەنی چوار مایکە. توانای وەرگرتنی دەنگی لە ٩ مەترییەوە هەیە.

کاتێك Logitech Group دادەنێی ئۆتۆماتیکی لەگەڵ زۆربەی خزمەتگوزاری تۆڕەکانی پەیوەندی گرتنی دەنگ و رەنگ وەك، سکایپ، زوم، فیوز، کانێکت، گوگل میت....تاد دەگونجێت.





## چاویلک

چاویلکەکانیش بوون بە زیرەك و سمارت، ئیدی چاویلکە هەر ئەوە نییە کە بەرچاو روونی و دیدی باشتر بۆ بەکارهێنەرکەی بخولقێنی، بەڵکو ماڵپەڕەکانی بۆ دەکاتەوە و گۆرانی بۆ لێدەداو هەواڵەکانی بۆ دەخوێنێتەوە... لە نوێترین چاویلکەی زیرەکیشدا کە بەرهەمی کۆمپانیای Vuzixە چاویلکە کاری وەرگێڕانیش دەکا.

گروپی وەرگێڕانی خێرای meet zoi بەهاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای vuzix چاویلکەیەکیان بەرهەم

## تویۆتا و ئۆتۆمبیلی بێ شوفێر



کۆمپانیای تویۆتای ژاپۆنی لەم ماوەیەدا نوێترین ئۆتۆمبیلی بێ شوفێری خۆی خستەڕوو. ئۆتۆمبیلی جۆری LQ کۆمپانیای ناوبراو، لەریزی سەرنجراکێشترین ئۆتۆمبیلە بێ شوفێرەکان دێتە ژمار..

هەرچەندە ئەو ئۆتۆمبیلە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دروستکراوە و لە پێشانگای ساڵانەی لاس و گاسدا نیشان درا، بەڵام ئەمساڵ تویۆتا گۆڕانکاری بەسەرداهێنا و هەندێك شتی دەستکاری کرد.

لەو کاتەیدا کە شوفێری لەسەر نییە، سیستەمێکی هۆشی دەستکرد بەناوی Yui ئەرکی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکە لەئەستۆیە.

تایبەتمەندییەکی گرنگ لەو ئۆتۆمبیلەدا (Digital Micromirror Device)ە. لەم سیستەمەدا چراکانی پێشەوە پێکهاتووە لە یەك ملیۆن ئاوێنەی وردیلە، ئەرکیان ئەوەیە کە لەسەر جادەکە هێماکانی تایبەت بە لێخوڕین نیشان بدەن.

ئۆتۆمبیلەکە بۆ چوار کەس گونجاوە، ئەوپەڕی خێرایی ٣٠٠ کلیۆمەترە. گرنگترین و بەرچاوترین ئەرکی ئۆتومبیلەکە ئەوەیە کە غازی ئۆزۆن دەکاتە ئۆکسیژن.



# راوتەرێک بۆ وای-فای ٦

راوتەر، ئامێری بڵاوکردنەوەی هێڵی ئینتەرنێت وەك زۆربەی ئامێرە دیجیتاڵییەکانی دیکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، کە سیستەمی مۆدێمی ئینتەرنێت لە وای-فای ٤ەوە گەیشت بە وای-فای ٦، راوتەری وا بەرهەم هاتن کە لەگەڵ ئەو سیستەمە بگونجێت.

کۆمپانیای TP-link لە بواری بەرهەمهێنانی راوتەردا زۆر ناسراوە. لەم ماوەیەدا راوتەری جۆری AX3000 بەرهەم هێنا، ئەم راوتەرە چوار چەنەڵی وای-فای ٦ بڵاودەکاتەوە. خێراییەکەی ٥ گیگاهێرتزە. خێراییەکەی ٢٤٠٢ مێگابایت لەچرکەیەکدایە. شوێنی دانانی چوار کێبڵی LAN هەیە هەروەها شوێنێك بۆ دانانی USB پرینتەر و میمۆری.






## ـــــەی وەرگێڕ

هێناوە کە کاری وەرگێڕان بە ١٢ زمان دەکا. وەرگێڕانەکان نەك بە دەربڕین بەڵکو بە دەقیش نیشان دەدا. لەکاتێکدا کە یەکێك دەدوێ ژێر نووسی قسەکانی لەسەر شاشە بچووکەکەی چاویلکەکە نیشان دەدرێ.

زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانی و عەرەبی و ئەڵمانی و و چینی... بەشێکن لەو زمانانە کە چاویلکەکە کاری وەرگێڕانیان بۆ دەکا. گۆیا وەرگێڕانی چاویلکەکە لە وەرگێڕانی گوگل گلاس و ماجیك لاپ ئاسانترە..



## پرۆگرامی داینگردنی ئەمنییەت بۆ ئینتەرنێتی ماڵەوە

ئەگەر تۆ یەکێك بی لە سەرپەرشتیارانی ماڵەوە، یان بەرپرسی ئیدارەیەك، حەز دەکەی چاودێری لەسەر ئینتتەرنێتی گشتی ماڵەوە یان نووسینگەکە دابنێی.

بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئەگەر تۆ گرنگی بە ئەمنییەتی ئەندامانی ماڵەوە بەتایبەتی منداڵەکان دەدەی کە سەر بە هەر سایتێکدا نەکەن و لە هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا بەشدار نەبن، ئەوە پێویست پرۆگرامێك بۆ مۆنتیرینگ واتە چاودێری گشتی ئینتەرنێت لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خۆت دابنێی.

گەلێك پرۆگرامی لەو بابەتە هەن کە HomeGuard Activity Monitor یەکێکە لەو پرۆگرامانە.

پرۆگرامی ناوبراو بەکارهێنانی ئاسانە. سەرپەرشتیاری ئینتەرنێتەکە دەتوانێت، بۆ هەر کام لە ئەندامان و بەشداربووانی تۆڕێکی وای-فای سنوور دابنێ، یان ئەو ماڵپەڕانەی کە دەزانێ زیانیان هەیە دایان بخا.




دەتوانێ فیلم لە سیستەمی هەرکام لە ئەندامەکان هەڵبگرێتەوە، هەموو دەنگ و رەنگیان تۆمار بکات. ئەو یاری و پرۆگرامانەی کە پێیوایە زیانی بۆ ئەوان هەیە دایان بخا. پرۆگرامەکە لەگەڵ هەموو سیستەمێك دەگونجێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان تەلەڤزیۆنی LED و OLED کامەیان باشتترن؟**

خوێنەری بەڕێز ئەوە هیچ قسەی تێدا نییە، تەلەڤزیۆنەکانی OLED باشترن، بەڵام جیاوازییان چییە، دەکرێ بڵێین جیاوازییەکەیان ئەوەیە، تەلەڤزیۆنی OLED تەنکترە، روووناکتر و گەشترە، وزەی کەمتری دەوێت، خاڵی هەرە بەرچاویان ئەوەیە کە گۆشە نیگای تەلەڤزیۆنی OLED زیاترە، نزیکەی گۆشەی ٩٠، بەو مانایە ئەگەر یەکێك لە تەنیشتەوە سەیری تەلەڤزیۆنەکە بکات، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە کە بەرامبەری بێت، هیچ لە کوالیتییەکەی کەمتر نابێتەوە.

تەلەڤزیۆنی LEDیش بەرامبەر بە تەلەڤزیۆنی LCD هەمان جیاوازی هەیە، هەربۆیە دەکرێ بڵێین هەردوو سیستەمی LED و LCD بەرە بەرە بەرەو نەمان دەچن و سیستەمەکانی وەك OLED و هەروەها K4 و Ultra HD شوێنیان دەگرنەوە... بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە تەلەڤزیۆنی OLED یش لەباری تێچوون و کڕینەوە گرانترە..




# کاتژمێری زیرەک بۆ مەلەوانی

کاتژمێرە هۆشمەندەکان، ئەگەر شوێنی مۆبایلیش نەگرنەوە، دەتوانن زۆر ئەرکی مۆبایل ئەنجام بدەن، گرنگترین ئەرکەکانی کاتژمێرە زیرەکەکان، تایبەتن بە وەرزش و لەش جوانی. وەك نیشاندانی مەودای رۆیشتن و سووتاندنی وزە و کالۆری، چۆنییەتی هەڵمژینی ئوکسجیژن و ...تاد.

گارمێن لەم ماوەیەدا نەوەی دووەمی کاتژمێری زیرەکی خۆی واتە swim 2ی خستەڕوو. کاتژمێرێك کە زیاتر بۆ وەرزشیە ئاوییەکان سوودی لێوەردەگیردرێ. تایبەتمەندییەکی ئەم کاتژمێرە ئەوەیە کە لەکاتی مەلەکردن و لە قوڵایی ئاویشدا لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەی نیشان دەدا. زۆر لە کاتژمێرە زیرکەکان ناتوانن لە قوڵایی ئاودا لێدانی دڵ نیشان بدەن.

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی کاتژمێری swim 2 تایبەتمەندی auto-restە، ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەوە دێت کە مەلەوان ئەو کاتەی کە پێویست دەکات پشوو بدات، کاتژمێرەکە ئۆتۆماتیکی خۆی بوەستێ و پێویست نەکات بە دەست رایبگری. لە مەلەوانگەدا بە ئاسانی دەکرێت، مەودای رۆیشتوو، لێدانی دڵ و هەروەها چۆنییەتی مەلەکە نیشان بدات. جگە لە مەلە، بۆ وەرزشەکانی راکردن و پایسکل لێخوڕینیش دەگونجێت.. هەنگاو پێوان، چۆنیەیتی خەوتن و چاودێری سترێس و نیگەرانیش بەشێکی دیکەی کاتژمێرەکەن. شەحنی کاتژمێرەکە هەتا حەوتوویەك دانابەزێت.



## ماڵپەڕێک بۆ خوێندنەوە لە کاتی ئۆفلایندا

کە گەشتێك بە ناو جیهانی ئینتەرنێتدا دەکەین، سەدان بابەتی سەرنج راکێش دەبینین کە کاتمان نییە لەو دەمەدا بیخوێنینەوە، دواتر لەبیرمان دەچێت کە بابەتە سەرنج راکێشەکان لە چ ماڵپەڕێکدا بوونە، بۆ ئەوەی دواتر لەکاتی نەبوونی ئینتەرنێتیشدا بابەتەکان بخوێنینەوە، بەبێ ئەوەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان دامانبەزاندبێ، سەر لەماڵپەڕی /https://getpocket.com بدەن، لەو ماڵپەڕەدا هەژمارێك بۆخۆت دەکەیەوە و پاشان هەر بابەتێکی ویستت کلیکی لەسەر بکە و دەچێتە سەر هەژماری خۆت و ئەوکاتەی کە هێڵی ئینتەرنێتیشت نەبێت دەتوانی سەر لەو ماڵپەڕە بدەی و ئەو بابەتانەی کە مەبەستت بووە بیانخوێنیەوە، لە حاڵە ئۆفلاینیشدا دەتوانی بیانخوێنیەوە..

# کۆداکۆپتەرێک دەچێتە ژێر ئاویشەوە



کۆداکۆپتەر یا فرۆکە بێ فرۆکەوانەکان، ئەوە فڕۆکە بچووکانەن کە بەئاسماندا دەفڕن و زۆر ئەرك ئەنجام دەدەن، بەرچاوترین ئەرکیشیان فیلم و وێنەهەڵگرتنە.

کۆمپانیایەکی چینی فڕۆکەی بچووکی لەو فڕۆکانە بەرهەم هێناوە بەناوی (titan) و جیاوازە لە گشت کۆداکۆپتەرێك. فڕۆکەی ناوبراو جگە لەوەی کە بە ئاسماندا دەفڕێ و فیلم هەڵدەگرێتەوە، دەتوانێت بچێتە قوڵایی دەریاکانیش و هەتا ١٥٠ مەتر دەچێە قوڵاییەوە و لەوێوە فیلم بە کوالیتی K4 دەگرێت. ئامێرێکی وا دەتوانێت زانیارییەکی زۆر لە دەریاکان و لە قوڵایی زەریاکان بەدەست بێنێ و ئەو شوێنانەی مەلەوانەکان ناتوانن بۆی بچن ئەوان دەتوانن.

کۆداکۆپتەرەکە کێشی ٩٠٧ گرامە و لە ژێر ئاودا دەبێتە ٤٠٨ گرام، رۆبۆتەکە جگە لە ئەرکی فیلم هەڵگرتنەوە بەهۆی باسکێك کە هەیەتی دەتوانێت شتێکی ٧ کیلۆیی لە ژێر ئاو هەڵبگرێت و بیهێنێتە دەرەوە.